# بەشی زمانی کوردی

# کۆلێژی زمان

# زانکۆی سەلاحەددین

# بابەت : کێشناسی

# پەرتووکی کۆرس – پۆلی دووەم

# ناوی مامۆستا : سۆران مامەند عەبدوڵڵا

# ساڵی خوێندن:- ٢٠٢٢-٢٠٢٣

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | کێشناسی |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | سۆران مامەند عەبدوڵلا |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | زمانی کوردی/زانکۆی سەلاحەددین |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل:<br>soran.abdullah@su.edu.krd<br><br>تەلەفۆن: ٠٧٥٠٤٥٥٤٣٦٤ |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | ٢ کاتژمێر |
| ٦. ژمارەی کارکردن<br><br>**<u>کاتی بینینی قوتابییان</u>**<br>– سێشەممە ١٠:٣٠<br>– چوارشەممە ٩:٣٠، ١٠:٣٠ | ٤ کاتژمێر |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | من سۆران مامند بدالله  ماموستا لەبەشی کوردی، کۆلیژی زمان لەساڵَی ٢٠٠٥ ـ٢٠٠٦ بەکالۆریۆسم لەزمان و ئەدەبی کوردی زانکوی سەلاحەدین –کۆلیژی زمان وەرگرتووەبەپلەی دووەم لە٢٠٠٩ وەکو موعید دامەزراوم لەهەمان کۆلیژ، وە لەساڵی ٢٠١٢ ـ ٢٠١٣ لەخوێندنی ماستەر لەکۆلیژی زمان لەپسپۆری ئەدەبی کوردی وەرگیرام ، لە ساڵی٢٠١٤ بڕوانامەی ماستەرم بە پلەی نایاب وەرگرتووە لەکۆلیژی زمان ،پاش ماستەر بۆ ماوەی دوو ساڵ وانەی کوردۆلۆژیم گوتوتەوە لەکۆلیژی ئاداب و هونەرەجوانەکان، لەساڵی٢٠١٥ نازناوی زانستیم وەرگرت،ناونیشانم بوو بەمامۆستای یاریدەدەر . وە لەساڵی ٢٠١٦ـ٢٠١٧ لە دکتۆرای ئەدەب وەرگیراوم لە زانکۆی سەلاحەین بەشی کوردی، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٦ بڕوانامەی دکتۆرام بە پلەی نایاب وەرگرتوە. بابەتی ئەدەبی فۆلکلۆر و گفتوگۆی ئەکادیمی بەقۆناغی یەکی بەشی کوردی و ڕێبازەئەدەبییەکان بەقۆناغی سێیەم کوردی، رەخنەو ئەمەش جگەلەبەشداریکردنی چەندین سمینار و وۆرك شۆپ. هەروەها بۆ ماوەی (٥) ساڵە |

| | |
|---|---|
| وانە(ئە.هاوچەرخ و ئە. فۆلکلۆر و وەرگرتن ودارشتنم، ڕێبازە ئەدەبیەکان)،لە کۆلیژی لەپەروەردەی مەخمور دەلیمەوە.<br><br>بە درێژایی کارکردنم لەماوەی ئەم ١٣ ساڵەی ئەم پۆستە ئیداریانەم بەڕێوەبردووە:<br><br>بەرپرسی خۆیەتی کۆلێژ -١<br><br>بەرپرسی ئامارو ئایتی -٢<br><br>بەرپرسی تۆمار -٣<br><br>بڕیاردەری بەش .... چەندین پۆستی کاتی لە هۆبە و -٤ شوێنەجیاجیاکانی کۆلێژ. | |
| **کێش، کێشناسی،عەرووز ، بڕگە، دەنگ، بڕگە، پێی (تەفعیلە)، دێر، هەزەج، رەمەل، ڕەجەز، موزاریع، موجتەس، موتەقاریب، سەروا.** | **٩. وشە سەرەکیەکان** |

**١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

لەم کۆرسەدا قوتابی ئاشنا دەکرێت بە بنەڕەتی مۆسیقای شیعر کە (کێش)ە، لە ڕێگای باسکردنی بابەتەکە بەشێوەیەکی تیۆری وورد و پاشان هێنانەوەی نموونەی پێویست لە شیعری شاعیران بۆ هەریەک لەجۆرە جیاوازەکانی کێش و روونکردنەوەی وورد و گرنگیدان بە بەشدارییپێکردنی ڕۆژانەی قوتابی وبەمەش قوتابی فێری ناسینەوەی جۆرەکانی کێش دەبێت هەوڵی تێگەیشتنی خودی دەدات و پشت بە تواناکانی خۆی دەبەستێت لەو سۆنگەوە بۆچوونە کەسییەکانی لە چوارچێوەیەکی زانستی دەگیرێت، هەوڵی گوێگرتن و گۆڕینەوەی بۆچوونەکان و فراوانکردنی بیریان دەدەن.

بنەمای سەرەکی وانەکە ڕونکردنەوەی کێشە بەشێوەیەکی گشتی و جەختکردنەوە لە یاسا و بنەماکانی کێشی عەرووزی و خۆماڵییە بەشێوەیەکی تایبەتتر.

بەمەبەستی پلان و بەرچاوڕوونی و تێگەیشتنی زیاتر بەگشتی هەر وانەیەک بەمشێوەیە دابەشدەکرێت:

- ٣ خولەک تۆمارکردنی ڕێژەی نەهاتووان.
- ٥ خولەک باسکردنەوەی وانەی پێشوو.
- ٢٨ خولەک باسکردنی بابەتی نوێ و شیکردنەوەیان لەلایەن مامۆستاوە.
- ٩خولەک پێدانی بوار بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەکی پێویست.

**کۆی گشتی وانەکە: ٤٥ خولەک.**

لەهەموو بوارێکدا کاری باش و بەرزترین ئاست لە جۆری کاردا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی مرۆڤ لەو بوارە، بۆیە فێربوونی شیکردنەوەی کێش هاوشێوەی هەر زانستێکی تر هەلی کار دەرەخسێنێ بۆ قوتابی چونکە لەتوێژینەوە و کاری چاپەمەنی و پیشەی مامۆستایەتی و گرنگیدان بە کلتور و شیعر و ئەدەبی کوردی، قوتابی ئەنجامی فێربوون و تێگەیشتنی لەم بوارە بۆ ڕووندەبێتەوە.

**١١. ئامانجەکانی کۆرس**

لەم کۆرسە ئەکادیمییەدا جەخت دەخرێتە سەر چەند ئامانجێک لەوانە:

1 - ناسینی کێش و مۆسیقای شیعر بەهەموو جۆرەکانییەوە.

2 - شارەزابوون لە پێکهاتەی کێش و ئەو پایانەی کە کێش و مۆسیقای شیعری لێ دروست دەبێت.

3 - ئەو پەیوەندییە توند و تۆڵەی کە لە شیعری کلاسیکی کوردی بە شیعری شاعیرانی نەتەوە جیاوازەکانی (عەرەب، تورک و فارس) دەبەستێتەوە ، لە ڕێگای دەستنیشانکردنی بنەما هاوبەشەکانیان.

4 - بۆ ناساندنی هەریەک لە کێشە جیاوازەکانیش لە بچووکترین پایەوە کە (دەنگ)ە دەخوێندرێ تا دروست بوونی کێشی تەواو و ناسینەوەی هەریەک لە کێشەکان بەشێوەیەکی ئەکادیمییانە و وورد.

5 - ناساندنی کێشی خۆمالی کوردی.

6 - سەروا و دوا سەروا و ڕۆلی لە دروستکردنی مۆسیقای شیعریدا.

7 - دەوڵەمەندکردنی بەهرەی قوتابییانی بەهرەدار بۆ ئەوەی ڕەچاوی بنەما مۆسیقییەکانی شیعر بکەن لە کاتی هەر هەوڵدانێکی خودی لەنوسینی شیعرێکدا.

8 - قوتابی گرنگی بابەتەکەی لەوەدا دەردەکەوێت، ئیدی ئەو تەنیا لە کونجێکەوە شیعر نەبینێت، بەڵکو جۆری چێژوەرگرتنی شێوەیەکی ئەدەبییانە بێت.

9 - قوتابی دەتوانێت دوای تەواوبوونی بابەتی مۆسیقی توێژینەوە لە شیعری شاعیراندا بکات، بەهۆی ئەو ئەزموونەی کە وەریدەگرێت.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

چەند ئەکێک لە قوتابی داوا دەکرێت:

- ئامادەبوونی قوتابیان لە وانەکان و لەتاقیکردنەوەکاندا.
- پابەندبوون
- ڕێزگرتن.
- بەشداریکردن و چالاکی ڕۆژانەی قوتابییان.
- هێنانەوە و شیکردنەوەی نموونەی زیاتر، کە پەیوەست بێت بە بابەت و ئامانجی وانەکە.

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

وانەی کۆرسەکە پشت بە هۆکاری جیاواز دەبەستێت لە پرۆسەی فێرکردندا لەوانە:

- بەکارهێنانی پاوەرپۆینت و سلاید بەشێوەیەکی بەرچاو.
- بەکارهێنانی وایەرلێس پریزێنتەر بۆ کارئاسانی گەڕانەوە بۆ سەرسلایدی دواتر یان پێشوو، لە هەر شوێنکی ناو پۆل بێت.
- بەکارهێنانی تەختە سپی بۆ شیکردنەوەی نموونەی زیاتر، یاخود نووسینی تێبینی.
- بەکارهێنانی ڕەنگی جیاوازی مارکەر، بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر.
- کارکردنی بە گروپی قوتابییان، بەمەبەستی ئاڵوگۆرکردنی بۆچوونەکان.
- پێشەکەشکردنی سمیناری تایبەت بە شیعرەکانی شاعیرێک.
- دروستکردنی ڕاپۆرت.
- بەکارهێنانی چەند نموونەیەکی شیعری بەشێوەی دەنگی و ڕاستەوخۆ و قوتابییان بەشێوەی پێشبرکێ هەوڵی دۆزینەوەی کێشەکەی بدەن.

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

قوتابییان لەسەر ئەم بنەمایانە هەڵدەسەنگێنرێن:

-بەشداریکردنی ڕۆژانە (٥ نمره)
-تاقیکردنەوەی مانگی یەکەم (١٥ نمره)
-تاقیکردنەوەی مانگی دووەم (١٥ نمره)
-کویز یان ئامادەکردن و پێشکەشکردنی سمینار (٥ نمره)
-کۆی گشتی ٤٠ نمره.
- تاقیکردنەوەی کۆتایی ٦٠ نمره.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

بەهۆی ئەم زانستەوە شیعری کێشدار دەناسرێتەوە جیادەکرێتەوە لە شیعری لەنگ و پەخشان. زانستی کێشناسی (عەرووز) گوێیەکی مۆسیقی هەم بۆ شاعیر و هەم بۆ خوێنەریش دروست دەکات. بەهۆی عەرووزەوە دەتوانین بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان دەقی شیعری بخوێنینەوە. زانین و بایەخدان بە کێشناسی بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە خەریکی لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دەقی کۆنی ئەدەبی کلاسیکین، چونکە لە ڕێگای کێشەوە دەتوانین بەحرەکان دیاری بکەین. بەهۆی کێشەوە گەورەیی شاعیرانی کلاسیکمان بۆ دەردەکەوێ تاکو کێشناسی نەزانین گرنگی ئەو هونەرکارییە بەرزەی شاعیرانمان بۆ ڕوون نابێتەوە کە بەکاریان هێناوە.

**١٦. لیستی سەرچاوە**


١.کێشناسی کوردی، عەزیز گەردی،چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، ٢٠١٤.

٢. بەدیع و عەرووزی نامی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، چاپخانەی دار الجاح/، بەغداد،١٩٩١.

٣. عەرووزی کوردی، نووری فارس خان،چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس،هەولێر، ٢٠٠٤.

٤. مۆسیقای شیعری لە شیعرەکانی (وەفایی)دا، فرمێسک موسلیح محمد، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،٢٠١٥.

٥-عەرووزناسی شیعری کلاسیکی کوردی، هیوا نورەددین عزیز، کۆلیژی پەروەردەی مەخموور.


| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای بابەت |
|---|---|
| <u>**هەفتەی یەکەم: وانەی یەکەم**</u><br>خۆ ناساندن و خستنەڕووی ئامانج و هۆی خوێندنی کێشناسی<br><u>**هەفتەی یەکەم: وانەی دووەم:**</u><br>1. زاراوە و پێناسەی کێش<br>2. پێناسەی شیعر.<br>3. زانستی کێشناسی<br><u>**هەفتەی یەکەم: وانەی سێیەم:**</u><br>4. گرنگی خوێندنی زانستی کێشناسی.<br>5. پێناسەی (عەرووز)ی عەرەبی<br><u>**هەفتەی دووەم: وانەی یەکەم:**</u><br>6. جۆرەکانی کێش لە جیهاندا<br>7. کێش لە ڕوانگەی گشتییەوە<br><u>**هەفتەی دووەم: وانەی دووەم:**</u> | **سۆران مامەند عەبدوڵلا** |

| | |
|---|---|
| | 8. **یەکەم: کێشی عەرووزی (کلاسیکی)**<br>9. **دووەم: کێشی خۆماڵی (بڕگەیی)**<br>**<u>هەفتەی دووەم: وانەی سێیەم:</u>**<br>- دەنگ<br>- دەنگە بزوێنەکان.<br>**<u>ەفتەی سێیەم: وانەی یەکەم:</u>**<br>- دەنگە نەبزوێنەکان<br>- دەنگی نیمچە بزوێن<br>**<u>هەفتەی سێیەم: وانەی دووەم:</u>**<br>- بڕگە<br>- جۆرەکانی بڕگە<br>- بڕگەی کراوە<br>- بڕگەی داخراو<br>**<u>هەفتەی سێیەم: وانەی سێیەم:</u>**<br>- جۆرەکانی بڕگەی زمانی کوردی<br>- بڕگەی کورت<br>- بڕگەی درێژ<br>**<u>هەفتەی چوارەم: وانەی یەکەم:</u>**<br>- بڕگەی کەشیدە<br>- لاپێ (هەنگاو)<br>**<u>هەفتەی چوارەم: وانەی دووەم:</u>**<br>- دێر<br>- ڕوکنەکانی شیعری عەرووزی (پایەکان)<br>**<u>هەفتەی چوارەم: وانەی سێیەم:</u>**<br>- سەبەب<br>- وەتەد<br>- فاسیلە<br>**<u>هەفتەی پێنجەم: وانەی یەکەم:</u>**<br>- پێ (تەفعیلە)ی عەرووزی<br>- پێیە سەرەکییەکان و پێکهاتنیان.<br>+ پێیە ناسەرەکییەکان<br>- زیحاف<br>**<u>هەفتەی پێنجەم: وانەی دووەم:</u>**<br>+ پێیە ناسەرەکییەکان<br>10. زیحاف<br>11. زیحافی جووت<br>**<u>هەفتەی پێنجەم وانەی سێیەم:</u>**<br>+ پێیە ناسەرەکییەکان |

| | |
|---|---|
| | • عیلله<br>• عیللەی کەم<br>**هەفتەی شەشەم وانەی یەکەم:**<br>+ پێیە ناسەرەکییەکان<br>• عیلله<br>• عیللەی کەم<br>**هەفتەی شەشەم: وانەی دووەم:**<br>- جیاوازی زیحاف و عیلله<br>- عیللەی زیحافانە<br>**هەفتەی شەشەم: وانەی سێیەم:**<br>- پێیەکان و گۆڕانکاریەکان بەخشتە<br>-<br>**هەفتەی حەوتەم: وانەی یەکەم:**<br>- بازنە و کێشە عەرووزییەکان<br>- بازنەی یەکەم:<br>• کێشی یەکەم: تەویل<br>• کێشی بەسیت<br>**هەفتەی حەوتەم وانەی دووەم:**<br>• کیشی مەدید<br>• کیشی مومتەد<br>• کێشی موستەتیل<br>• چەند تێبینیەک<br>**هەفتەی حەوتەم: وانەی سێیەم:**<br>- بازنەی دووەم:<br>• کێشی وافیر<br>• کێشی کامیل<br>• کێشی موتەوافیر<br>• چەند تێبینییەک<br>**هەفتەی هەشتەم وانەی یەکەم:**<br>- بازنەی سێیەم:<br>• کێشی هەزەج<br>• کێشی ڕەجەز<br>• کێشی ڕەمەل<br>• چەند تێبینییەک<br>**هەفتەی هەشتەم: وانەی دووەم:**<br>- بازنەی چوارەم:<br>• کێشی سەریع |

| | |
|---|---|
| • کێشی مونسەرید<br>• کێشی موتەئەکید<br>**<u>هەفتەی هەشتەم: وانەی سێیەم:</u>**<br>• کێشی مونسەریح<br>• کێشی خەفیف<br>• کێشی موزاریع<br>• کێشی موقتەزەب<br>**<u>هەفتەی نۆیەم: وانەی یەکەم:</u>**<br>• کێشی موجتەس<br>• کێشی موتەرەد<br>• چەند تێبینیەک<br>•<br>**<u>هەفتەی نۆیەم: وانەی دووەم:</u>**<br>- بازنەی پێنجەم:<br>• کێشی موتەقاریب<br>• کێشی موتەدارەک<br>• چەند تێبینییەک<br>**<u>هەفتەی نۆیەم: وانەی سێیەم:</u>**<br>- جۆری کێشەکان<br>- رادەی بەکارهێنانی کێشە عەرووزییەکان لە شیعری کوردیدا | |
| ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | **سۆران مامەند عەبدوڵلا** |
| **<u>هەفتەی دەیەم: وانەی یەکەم:</u>**<br>- کێشە باوەکانی عەرووز لە کوردیدا<br>• کێشی هەزەج و بە نموونەی شیعری شاعیرانی کلاسیک<br>- هەزەجی هەشتی موسەببەغ<br>**<u>هەفتەی دەیەم: وانەی دووەم:</u>**<br>- هەزەجی هەشتی تەواو<br>**<u>هەفتەی دەیەم: وانەی سێەم:</u>**<br>- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف<br>**<u>هەفتەی یازدەیەم: وانەی یەکەم:</u>**<br>- کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقسوور<br>**<u>هەفتەی یازدەیەم: وانەی دووەم:</u>**<br>- هەزەجی هەشتی ئەخرەب<br>**<u>هەفتەی یازدەیەم: وانەی سێیەم:</u>**<br>- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ | |

| | |
|---|---|
| | **هەفتەی دوازدەیەم: وانەی یەکەم**<br>- هەزەجی شەشی مەقسوور<br>**هەفتەی دوازدەیەم: وانەی دووەم:**<br>- هەزەجی شەشی مەحزوف<br>**هەفتەی دوازدەیەم: وانەی سێیەم:**<br>- هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووز<br>**هەفتەی سێزدەیەم: وانەی یەکەم:**<br>- هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور<br>**هەفتەی سێزدەیەم: وانەی دووەم:**<br>- کێشی ڕەمەل بە نموونەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی<br>- ڕەمەلی هەشتی مەقسوور<br>-<br>**هەفتەی سێزدەم: وانەی سێیەم:**<br>- ڕەمەلی هەشتی مەحزووف<br>**هەفتەی چواردەیەم: وانەی یەکەم:**<br>- ڕەمەلی شەشی مەقسوور<br>**هەفتەی چواردەیەم: وانەی دووەم:**<br>- کیشی موزاریع بە نموونەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی<br>- موزاریعی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ<br>**هەفتەی چواردەیەم: وانەی سێیەم:**<br>- موزاریعی هەشتی ئەخرەب<br>-<br>**لە ٢/٥تاوەکو تاقیکردنەوەکانی وەرزی دووەم /پشووی سەری ساڵ** |

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

**لەبارچاوگرتنی سێگۆشەی بلووم لەکاتی داڕشتنی پرسیارەکانی مانگانە و کۆتایی ساڵ، لەم گۆشەیەوە، ئەمانە چەند جۆرێکی پرسیارەکانن:**

١ دارشتن: هێنانەوەی پرسیار لەشێوەی دارشتن  بەتایبەتی ئەو بابەتە تیۆرییانەی کە پێویستیان بە شیکردنەوەو لێکدانەوەیە تاوەکو ئاستی تێگەیشتن و دەربرینی قوتابی بۆ بابەتەکان دەربکەوێ.

٢. هێنانەوەی دەقی شیعری و دەستنیشانکردنی کێش و برگەکانیان.

٣. بژاردەی زۆر: هەلبژاردنی وەلامی راست لەلایەن قوتابی بۆ ئەو پرسیارانەی ئاراستەی دەکرێت.

٤- هێنانەوەی پێناسەی هەربابەتێک و بە سەلماندنی بەنموونەی پێویست.

٥- دیاریکردنی گۆڕانە عەرووزییەکانی هەر پێیەک بۆ ئەوەی لە شیعردا بە تەوەتی بناسرێنەوە.

٦- هێنانەوەی پرسیاری دەرخستنی لێکچوون وجیاوازی لەنێوان دوو بابەتدا.

٧- بازنە عەرووزییەکان و چۆنییەتی لێوەرگرتنیان لەیەکتری و دروستکردنی کێشی جیاواز.

٨- ڕاست و چەوت: بەمەرجێک هۆی ڕاستییەکەی دەربخات و چەوتەکانیش ڕاست بکاتەوە.

| |
|---|
| ٩–لەبابەتی فراواندا داوادەکرێت جۆرەکان بژمێردرێت و یەکێک لە پایەکان بە وردی باسکرێت. |
| **٢٠. تێبینی تر**<br>قوتابییان ناچاربکرێن لەسەر ئاستی بەش سمینار پێشکەش بکەن وەک بەشێک لە وەرزی ڕۆشنبیری بەش بۆ گەشەسەندنی ئاستی ڕۆشنبیریان. |
| **٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ**<br>ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.<br>هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت. |